# دووبارەبوونەوەی واتایی لە مەموزینی خانیدا


پ. د. فاضل مەجید
زانكۆی سلێمانی

د. شیروان حسین
زانكۆی ڕاپەڕین


دەستپێك:

زمان وەك ڕەگەزێكی سەرەكی، لە دەقی ئەدەبیدا گرینگی تەواوی هەیە، لە لێكۆڵینەوەی زمانەوانیو ئەدەبیدا، بۆ گەیشتن بە ماناو دەلالەتەكانی هەر دەقێكیش پێویستە زمان وەك كلیلێك بەكاربهێنرێت بۆ گەیشتن بە واتاكانو لێكدانەوەی ئەو دیوە شاراوانەی كە لە دەقدا هەن. ئەمەش پێویستی بە شارەزاییو سەلیقەیی زمانەوانی ورد هەیە، چونكە زمان چەندە زانستە دوو هێندەش حەزو خولیاو سەلیقەیە.

زمان وەكو هۆكارێكە، كە مرۆڤ وەك ڕێگەو شێوازێك بەكاردێنێت، بۆ گوزارشت كردن، لە بیروڕاكانی خۆی. ئەدەبیش بەهەمان شێوە دەیەوێت ئەم ئەركە بگەێنێ، بەڵام بە ڕێگەو شێوازی جیاواز. چونكە زمانی ئەدەب لادانە لە ڕێساو یاسا باوەكانو هەرئەمەش دەچێتە خانەی داهێنان.

زمانو ئەدەب بە ئەلقەیەكی زۆر تۆكمە پێكەوە نووساون، كە شارەزایانی هەر بوارێك پێویستە لەوەی تریشیان شارەزا بێت، هەروەها دەبێ لە ڕێگەی لێكۆڵینەوەی زانستییەوە ئەم پەیوەندییانە ڕوون بكرێنەوەو توێژینەوەیان لەهەمبەر بكرێت. شیعر  كە ڕێگەیەكی سەرەكی دەبڕینی هەستو سۆزە، لە هەمان كاتدا ئەركێكی سەرەكی زمان بریتییە لە دەربڕینی هەستو سۆز. كە ڕووی نێرەر لە بەرامبەرو پەیامێك دەنێرێت، كە هەستی تایبەتی قسەكەر پیشان دەدات. دەشێ كە ئەم هەستە بەڕاست بێت یان قسەكەر وا پیشان بدات، كە ئەم هەستەی هەیە. هەموو ئەمانەش بەهۆی زمانو كەرەستە نازمانییەكانەوە دەبێت.

ئەم كورتە لێكۆڵینەوەی ئێمە تیشك دەخاتە سەر دیاردەیەكی زمان، كە لە ئەدەبیشدا بەشێوەكی بەرچاو و بۆ مەبەستی جیاجیا بەكاردەهێنرێن، ئەویش (دووبارەبوونەوە)یە، كە تەنیا لە گۆشەنیگایەكەوە تێمان ڕوانیوە. كە دەشێ وەكو هونەرێكی ڕەوانبێژی تەماشای بكەین، یان وەك دیاردەیەكی زمانی. نموونەی پراكتیكیمان لە شاكاری جیهانی (مەموزینی)ی ئەحمەدی خانی وەرگرتووە، چونكە ئەم دیاردەیە



كۆنفرانسی ( كاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)    p-ISSN (2410-1036)

بەرێژەیەکی بەرفراوان لای خانی دەبینرێتو داهێنانێکی زۆر گەورەی تێدا کردووە. توێژینەوەکەمان دابەشکردووە بەسەر دوو تەوەرەدا، لە تەوەرەی یەکەمدا باسی خودی دیاردەکەو جۆرەکانیو مەبەستەکانیمان کردووە. بەشی دووەم باسی دووبارەبوونەوەی واتاییمان لای ئەحمەدی خانی کردووە، هەریەك لە کەرەستە واتاییەکانی مۆرفیمی بەند(گیرەك)و وشەو گرێو ڕستە وەرگیراون. دیارە لە ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتانەدا پشتمان بەچەند سەرچاوەیەك بەستووە. دەخوازین کە خزمەتێکی بچووکی زمان ئەدەبی نەتەوەکەمانمان کردبێت.

**١-١: مەبەست لە دووبارەبوونەوە چییە؟**

وەك لە مانای زاراوەکەوە دیارە، کە دووبارەبوونەوەی چەند کەرەستەیەك یان شتێکی هاوشێوەی یەکترییە لە دێڕێك یان چەند دێڕێکدا، بەم پێیە (دووبارەبوونەوە، وشە یان دەستەواژەیەك یان یەکەیەکی زمانی) (محمد علی الخولی: ٢٠٠٩: ٩٨) دەبێت. لە زمانەوانیدا ئەمە بە دیاردەیەکی ئاسایی دادەنرێتو زۆرجار قسەکەر هەستی پێناکاتو بەهەندی وەرناگرێت. زۆرجاریش قسەکەر، بەبێ ئاگایی هەندێ وشەو دەستەواژەی تایبەت دووبارە دەکاتەوە، کە دەبێتە شێوازێکی تایبەتی ئەم ئاخێوەرە. بۆیە زۆرجار هەندێ لەئاخێوەران هەوڵدەدەن خۆیان لەم دیاردەیە بەدووربگرنو وشەکان دووبارەنەکەوە. کەواتە دووبارەبوونەوە لە زمانی ئاساییو زمانی ئەدەبیشدا بەکاردەهێنرێت، بەڵام لە هەریەکێکیاندا کاریگەرییەکی جیاواز بەجێدەهێڵێ. دەشێ لەزمانی ئاسایی ڕۆژانەدا کاریگەری نەبێتو بەشتێکی باش دانەنرێت. بەڵام هەندێجار قسەکەر بۆ جەختکردنەوە پەنادەباتە بەردووبارەکرنەوە، کە (وشەیەك یان ڕستیەك بەمەبەستی جەختکردنەوە.) (هەمان سەرچاوە: ٨٦) بەکاردێنێت. ئەم وشەیە یان دەستەواژەی، کە دووبارە دەکرێتەوە بەلای قسەکەر جیگەی گرنگی پێدانە، بەنموونە کاتێك یەکێك دەڵێت:

- قەت لەبیرت ناکەم.

جیاوازە لەوەی کە بڵێت:

- قەت قەت لەبیرت ناکەم.

واتای دەربڕاوی دووەم، زۆر بەهێزترە لە ڕستەی دووەم، بۆیە لێرەدا واتایەکی پۆزەتیفی وەرگرتووە. لەزمانی ڕۆژانەماندا دەیان نموونەی لەم جۆرە بەرچاودەکەون، لەوانە:

هەرگیزاو هەرگیز، تەنها، تەنهاو تەنها، .......هتد.

بەم پێیە لە زمانی ئاساییدا دووبارەبوونەوەی بەمەبەستو بێبەمەست هەیە، کە هەریەکەیان دەکرێت وەك دیاردەیەك لێکدانەوەی تایبەتی بۆ بکرێت. بەڵام ئەگەر لەڕوانگەی زمانی ئەدەبییەوە تەماشای ئەم دیاردەیە بکەین، پەیوەستە بەڕیتمی ناوەکی دەقی ئەدەبیەوە. (هەر تەنها پەیوەست نییە بە بونیادی شیعرەوە، بەڵکو لە ژانەرەکانی پەخشانیشدا بەرچاودەکەوێتو بە یەکێك لەتایبەتمەندییەکانی شیعری کۆنو نوێ هەژماردەکرێت.) (هێمن عومەر خۆشناو: ٢٠١٠: ٨٣) بۆیە دەبینین لە زمانی ئەدەبیدا زیاتر قسەی لەسەر دەکرێت، ئەمەش بۆ ئەو ڕۆڵە گرنگەی دەگەڕێتەوە لەم بوارەدا. زۆرجاریش بە هونەرێکی ڕەوانبێژی دادەنرێت، لەم بوارەشدا بەوە پێناسە دەکرێت، کە (دووبارەبوونەوەی دەنگێك یان وشەیەکە، لە ناوەڕاست یان کۆتایی ڕستە



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بە مەبەستێکی ڕەوانبێژی.) ( محمد علی الخولی: ٢٠٠٩: ٨٦) هەندێك لە ڕەخنەگرانی شیعر پێیان وایە، کە بەکارهێنانی تەنیا کێشێك لە هەر پارچە هۆنراوەیەکدا دەبێتە هۆی دروستکردنی ئاوازو ڕیتمێکی دووبارە بۆ شیعرەکەو سەرلەبەری کێش بە جۆرێك لەجۆرەکانی دووبارەکردنەوە دادەنێن، کە شاعیر خۆی پێوە پابەند دەکاتو لێی لانادات، چونکە (لە هەر دێڕێکدا چ کێشو تەغعیلەیەکی سەر بە چ بەحرێك بەکارهاتبێ، لەدێڕی دواتردا دەبێ هەمان شت دووبارەبێتەوە.) (هێمن عومەر خۆشناو: ٢٠١٠: ٨٣) بەڵام ئەوەی کە زیاتر ئێمە مەبەستمانە بیناسێنین ئەو دووبارە کردنەوەیە، کە بەیەکێك لە دانە زمانییەکان دروست دەبێت، نەك بەقاڵبی شیعر.

ئەوەی کە سەرنج ڕادەکێشێ، لە شیعردا زیاتر دووبارەکردنەوەی دەنگ دەبینرێت، ئەمەش بۆ دروستکردنی ئاوازو ئیقاعیکی تایبەتە لە دەقەکەدا، دەبێتە هۆکارێکی بەهیز بۆ زیادکردنی شیعریەتی دەق. بەڵام ئێمە خۆمان لە باسکردنی دووبارەبوونەوەی دەنگ دەبوێرین، چونکە دەنگ ناکەوێتە چوارچێوەی یەکە واتاییەکانی زمان، کارەکەشمان پەیوەستە بەدووبارەبوونەوەی واتایی، نەك دووبارەبوونەوە بەگشتی.

ئەم دیاردەیە بەجۆرێکی دیکەش باسی لێوە دەکرێتو ناوی لێنراوە، ئەویش (کەڵەکەبوون)ە، کە مەبەست لێی دووبارەکردنەوەو بەدوایەکدا هاتنی وشەیەك یان چەند وشەیەکە لە پارچە هۆنراوەیەکدا. بەوە دەناسرێتەوە، کە (دیاردەیەکەو لەڕێگەی زمانی شیعرەوە ناوەندێك لە شیعری هاوچەرخدا داگیر دەکات.) (ئازاد ئەحمەد محموود: ٢٠٠٩: ٢١٢) کە دەکرێت وەك جۆرێك لەشێوازی شاعیر تەماشا بکرێت. تەنیا جیاوازی لەگەڵ دووبارەبوونەوە ئەوەیە، کە ئەو کەرەستە زمانییەی کە دووبارە دەبێتەوە بەزۆری وشەیەو دەبێت بەدوای یەکتریشدا بێن، بەبێ پچڕان.

**١-٢: جۆرەکانی دووبارەبوونەوە**

دەشێ لەڕوانگەی جۆراوجۆرەوە پۆلێنی دووبارەبوونەوە بکرێت. لەوانە لەڕووی ئەو کەرەستە زمانییەی، کە دیاردەکە دروست دەکات، سەر بەچ ئاستێکی زمانە، واتە ئایا دەنگ دروستی دەکات یان وشە یان ڕستە. کە دەبێتە هۆی هاوسەنگی لە زمانی ئاساییدا. بەڵام لە زمانی شیعردا، یەکێکە لە (هونەرەکانی شیعرو بابەتە دووبارەکراوەکە بیری خوێنەر دێنێتەوە.) (عەبدولسەلام نەجمەدین: ٢٠٠٨: ٤٨) کە بۆ ئەم جۆرانە دابەش دەکرێت:

١- **دووبارەکردنەوەی سروشتی:** لەم جۆرەی دووبارەکردنەوەدا سەرباری دروستکردنی لایەنی مۆسیقی لە شیعردا، هەندێ لایەنی واتای شیعرەکەش دووبارە دەبێتەوە، کە دەکرێت وەك جۆرێك دووبارەکردنەوەی واتایی دابنرێت.

٢- **دووبارەکردنەوەی مۆسیقی:** تایبەتە بە دروستکردنی مۆسیقای شیعرو ڕیتمەکەی. کە بەزۆری لە چوارچێوەی هونەرەکانی ڕەوانبێژی باسی لێوەدەکرێت، دەکرێت بە دوو چەشن شاعیر ئەم دووبارەیە دروست بکات، یەکێکیان بەشێوەی ئازادە، کە هیچ مەرجو یاسایەکی بۆ دانانرێتو شوێنەکەی دیارنییە. بەڵام جۆرەکەی تریان بەشێوەیەکی ڕێك دەبێت، کە هەموو دووبارەکردنەوەیەك لە شوێنێکی تایبەتو دیاریکراودا دەبێت. (تقی واحیدیان کامیار١٣٨٣: ١٦-٢٩)



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بەپێی کەرەستە زمانییەکان، ئەم دیاردە لە بچوکترین‌و وردترین ڕیشاڵەکانی زمانەوە دەست پێ‌دەکات، کە تاکە فۆنیمەکانن. چونکە بۆ دروستبوونی ڕیتم‌و مۆسیقای هەردەقێك بوونی دەنگە هاوشێوەکان پێویستە. هەروەها (لە نێو پێکهاتەی وشەو دەقدا کرۆك‌و جەوهەری شیعریەت دەجوولێنێ.) (هێمن عومەر خۆشناو: ٢٠١٠: ٩١) دەبێت ئاماژە بەو خاڵەش بکەین، کە دووبارەبوونەوەی دەنگ لە چوارچێوەی وشە دایەو وشەش لە چوارچێوەی ڕستەو ڕستەش لە چوارچێوەی دەق. بۆیە وەك ئەلقەیەکی پێکەوە گرێدراو دێنە پێش چاو، کەهەریەکەیان زەمینەسازی بۆئەوەی تر دەکات.

لە ئاستی دەنگدا شارەزایان چەندین جۆری جیاوازی دووبارەبوونەوەیان دەستنیشانکردووە، کە بەپێی شوێن‌و بەپێی جۆرو ڕیزبوون جیاکراونەتەوە. – ئەمە پێویستی بەباسێکی سەربەخۆیە لای خانی – هەر لەم ئاستەدا جۆرێکی دیکەی دووبارەکردنەوە باس دەکرێت، ئەویش لە چوارچێوەی برگەدایە، کە برگەکان دووبارە دەبنەوە ئاوازو ئقاعێکی تایبەتی تر، بە دەقەکە دەبەخشێ، چونکە برگە بە دانەیەکی گرینگی زمانی دادەنرێت لە بواری ڕێکخستنی ئاوازی قسەکردندا. زۆرێك لە زمانەوانان ڕۆڵ گرینگی برگە لەوەدا کورت دەکەنەوە، کە دەبێتە هۆی پاراستی وزەی قسەکەرو ڕێکخستنی لایەنی دەنگی. ئەم جۆرەشیان بەپێی جۆری برگەکان‌و شوێنی دووبارەبوونەوەیان دابەشدەکرێن بۆ چەند جۆرێك. بەڵام دووبارەی دەنگ و برگە کاری لەسەر واتای دەق نابێت - ئەگەر سنووری برگەکە نەگاتە مۆرفێمی بەندو وشە - بۆیە ناچێتە چوارچێوەی دووبارەبوونەوەی واتاییەوە.

لەدوای دەنگ‌و برگە دێنە ئاستێکی دیکەی زمان، کە وشەسازییەو بچوکترین یەکەش لەم ئاستەدا مۆرفێمە، کە زۆربەی زمانەوانان تایبەتمەندییەکی سەرەکی لە مۆرفیمدا دەبەستنەوە بەبوونی واتا. هەر لە مۆرفێمە بەندەکانەوە، واتا دەست پێدەکات تاوەکو دەگاتە گەورەترین یەکەی زمانی کە دەقە.

مۆرفێمە بەندەکان بەتایبەتی بەندی لێکسیکی بە بناغەی دووبارەبوونەوەی واتایی دادەنرێت، چونکە هەڵگری واتایەکی فەرهەنگی ڕوون‌و ئاشکران. ئەمانەش هەندێ جار بەهەمان فۆرم هەمان واتا دووبارە دەبنەوە، هەندێ جاریش بە فۆڕمی جیاواز هەمان واتا دووبارەدەکەنەوە، کە لای خانی هەردوو چەشنەکە دەبینرێن. وشەش وەك دانەیەکی سەربەخۆی زمان زیاتر ئەم دیاردە واتاییەی کە ئێمە باسی دەکەین، ڕوون دەکاتەوە. بە جۆرێك دووبارەبوونەوەی وشە دووبارەبوونەوەی دەنگیش بەرجەستە دەکات. کە وەك (پەیوەندییەکی واتایی لەئاستی ڕستەدا لێك دەدرێتەوەو لەسەر بنەمای دووبارەبوونەوە، یان بەکارهێنانی وشەی هاوواتا.) (کورش صفوی: ١٣٨٤: ١٢٣) بە پێی جۆری وشەکان‌و شوێنی دووبارەبوونەوەکە پۆلێنی بۆ کراوە. هەروەها لە ڕوانگەی بەشە ئاخاوتنەکانەوە دووبارەبوونەوە لەم ئاستەدا قسەی لەسەر دەکرێت.

جۆرێکی دیکە دووبارەبوونەوە لە چوارچێوەی گرێدایە، مەبەستیش لەم جۆرەیان ئەوەیە کە گرێیەکە بەدیارخەرو دیارخراوەو وەك خۆی دووباربێتەوە. هەرچەندە گرێ یەکەیەکی ئاستی سینتاکسە، بەڵام دەکرێت وەك یەکەیەکی واتایش هەڵوەستەی لەسەر بکەین. لە دوای فرێز ڕستە دێت، کە خاوەنی گەورەترین ڕۆنانی سیتاکسی‌و واتاییەو دەکرێت هەموو جۆرەکانی دیکەی دووبارەکردنەوەی تێدا دەربکەوێت، هەر لە دەنگەوە تاوەکو دەگاتە گرێ. بەڵام خودی خۆی لە چوارچێوەی دەقدا دەردەکەوێ.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**١-٣: مەبەستەکانی دووبارەبوونەوە.**

دیارە بەکارهێنانی ئەم هونەرە چ لەزمانی ئاسایی بێت یان لە زمانی شیعردا، بێ مەبەستو لەخۆوە نییە. هەرچەندە زۆرجار دەبێتە هۆی دروستکردنی حەشوو، واتە بەکارهێنانێکی زیادە، کە دەبێتە هۆی درێژدادڕی. کە بەوە پێناسە دەکرێت، (بەکارهێنانی وشەیەکە، کە گوێگر پێویستی پێی نییە بۆ گواستنەوەی واتای گوتراوەکەو دەتوانێت چەمکی وشەکە لەوشەکانی دەوروبەرییەوە تێبگات.)(هەمان سەرچاوە: ٤٩). بەلأم بەشێوەکی گشتی گرینگی ئەم دیاردەیە لەم خالأنەدا کورت دەکەینەوە.

١- لە زمانی ئاساییو شیعردا، زۆرجار بۆ جەخت کردنەوەی واتای وشەیەك پەنا دەبرێتە بەر بەکارهێنانی دووبارەبوونەوە. ئەمەش دەشێت بەهەمان فۆڕم بێت، یان بە هۆی فۆڕمی جیاوازەوە، کە ئەمەش پێی دەوترێت (هاوواتایی)، بەلأم جۆرێکی دیکە لە وشە هەن، کە تەنیا فۆڕمی وشەکان واتە قاوغی دەنگییان دووبارەدەبێتەوە، کەچی واتاکانیان جیاوازن ئەمەش لە زمانەوانییدا پێی دەوترێت (هاوبێژی)، لە ڕەوانبێژیشدا بە (ڕەگەزدۆزی) ناسراوە. ئەمەش زیاتر کاریگەری بۆ سەر ئاوازو ئیقاع دەبێت نەك واتا، جوانکاری وشەی دروست دەکات نەك واتایی. لەم گرینگیەدا پێویستە سەرنج لەوە بدەین، کە دەکرێت بە دانە زمانییەکانی وەکو وشەو فرێزو ڕستە ئەم دەورە ببینن. چونکە لێرەدا پێوستە یەکە زمانییەکە هەلگری واتای تەواو بێت. هەروەها دەشێت ئەم دووبارەکردنەوەیە بۆ بەهێزبوونو چڕوپڕترکردنی واتایی بەکاربهێنرێت. هەندێ جاریش بە جۆرێك لە جۆرەکانی دووبارەبوونەوە دادەنرێت، کە پێی دەلێن (دووبارەبووەی جەختکردن). (محمد علی الخولی: ٢٠٠٩: ٨٧) زۆرجاریش دەشێت قسەکەر یان شاعیر بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر خوێنەرو گوێگر پەنا بباتە بەر دووبارەکردنەوە، یان (وەلأمدانەوەیەکی دەروونی بۆ پێداگرتنو مکوڕبوون لە واتایەك، کە نووسەر وای دادەنێت بە دووبارەبوونەوە بە ڕاستییەکان دەگات.)(هێمن عومەر خۆشناو: ٢٠١٠: ٨٥) ئەمەش دەبێتە هۆی دروستکردنی جوانی لەدەقدا. لەڕووی واتای شیعریشەوە (دووبارەکردنەوە بۆ پتەوکردنو بەپێزکردنی ماناو وێنەکانی ناو شیعرەکەو بەهێزکردنی مانای ڕاڤەییو لێکدانەوەی هەستو بیری شیعرەکە)(عەزیز گەردی: ١٩٩٨: ٣٢) بەکاردێت.

٢- دروستکردنی ئاوازو ڕیتمی شیعر، کە لەم ڕووەوە دووبارەبوونەوەی هەموو دانە زمانییەکان ڕۆڵ دەگێڕێن، بەتایبەتی دەنگو بڕگە. (ئەشێ لای نووسەری دەقیش مەبەستی دووبارەکردنەوە مۆسیقای دەقەکە بێت، کە ئاوازێك دووبارە دەبێتەوە، ڕەهەندێکی مۆسیقی کاریگەر دەبەخشێ.) (هێمن عومەر خۆشناو: ٢٠١٠: ٨٥). لە دروستکردنی ئاوازو ڕیتمی هەر دەقێك بەتەنیا دووبارەکردنەوە بەس نییە، بەلْکو هەلْبژاردنی ئەو دەنگانەش گرنگن، کە شاعیر دەیەوێت دووبارەیان بکاتەوە. دەنگە ئاوازدارەکان بۆ دووبارەکردنەوە زیاتر ئیقاعی شیعری بەهێز دەکەن، هەروەها (دووبارەکردنەوە بۆ پتەوکردنی ئاوازی شیعرەکە)یە.(عەزیز گەردی: ١٩٩٨: ٣٢)

سەروا وەکو هونەرێکی شیعری ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێ لە دروستکردنی مۆسیقای شیعر، کە (بریتییە لەو دەنگە یان کۆمەڵە دەنگەی لە کۆتای وشە سەروادارەکان دووبارە دەبنەوە.) (هەمان سەرچاوە: ٢٦) بەم پێیەش دووبارەبوونەوە سەروا دروست دەکات. کە بە بنەمای سەرەکی شیعر دادەنرێت، بەتایبەت لە شیعری کلاسیکدا. هەرچی پەیوەستیشە بەزمانەوانی، لەم بارەیەوە محمد علی حق شناس دەلێت (سەروا، هاودەنگی ناتەواوە، کە لە


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)      p-ISSN (2410-1036)

دووبارەبوونەوەی دەنگێك یان چەند دەنگێکی بە دوایەکداهاتووی وەك یەك لە وشە جیاوازەکان یان دێڕە شیعردا دەبینرێت) (کورش صفوی: ١٣٨٠: ١٩) بەم پێیە سەروا چ وەك لایەنی زمانەوانی تەماشا بکرێت، یان لایەنی ئەدەبی، هەر دەوەستێتە سەر لایەنی دووبارەبوونەوەی دەنگ.

**١-٢: دووبارەبوونەوەی واتایی لە مەم‌وزیندا.**

مەم‌وزین یەکێکە لەشاکارە جیهانییەکان، کە دەکرێت وەك کۆمیدیایی ئیلاهی دانتیو ڕۆمیو جولێتی شکسپیرو شاکارەکانی دیکە بەراورد بکرێتو بەیەك چاو تەماشایان بکرێن. لە لێکۆلینەوە ڕەخنەییەکانی زمانی کوردیدا تاڕادەیەك مەم‌وزین خراوەتە بەر تیشکی توێژینەوە، بەڵام تاکو ئێستا بەهای خۆی نەدراوەتی، بەتایبەتی لەڕووی زمانەوە شیکردنەوەیەکی وردی بۆ نەکراوە، بۆیە ئێمە ویستمان لەم ڕووەوە لێکۆڵینەوەیەکی کورت ئەنجام بدەین.

داهێنان لەڕووی زمانەوە لای ئەحمەدی خانی جێگەی هەڵوەستەکردنە. چونکە توانای زمان لای ئەم شاعیرە مەزنە بەهرەیەکی داهێنانکارانە بووە. دووبارەبوونەوەش وەك بەشێك لەم داهێنانە زۆر وەستایانە لای خانی دەبینرێت. چ بەمەبەستی دروستکردنی ئاوازو ئیقاعیی شیعری بێت، یان بەمەبەستی بەهێزکردنی واتایی، لەکاتی سەرنج دانی دووبارەکردنەوەی وشەکان بۆمان دەردەکەوێت، کە خانی شارەزایی لە زمانە بیانییەکانی وەکو عەرەبیو فارسیو تورکی هەبووە، سەرەڕایی ئەوەی ئاگاداری هەموو دیالێکتەکانی زمانی کوردی بووە. هەر ئەمەش بووتە بەشێك لە سەرچاوەی داهێنانە زمانییەکەی. هەروەها ئەو شارەزاییەی لە کێشو سەرواشدا هەیبووە بەهەمان چەشن بووە. وەکو هەژار لە پێشەکی مەم‌وزیندا دەڵێت: (شکت نەبێ کە خانی وەزنو قافیەی لە بەردو ئاسن ڕەقتری دەبەر دەستا وەکو مۆم نەرم نیان بووە، هەر مەبەستێ ئەو بە دڵی دا هاتووەو ویستوویەتی بیکاتە هەڵبەست. هەر دەم‌ودەست بێگرێو گۆڵ، بێورتە ورتو بۆڵەبۆڵ پەڕیوەتە سەرزمانی. هەرگیز دەمی قەڵەمەکەی نەجڕاندووەو هیچ وەرقەی نەدڕاندووەو سەری هەڵنەکڕاندووە وەك ئێمە مانان دیومانە. ئەو ڕەوانیو پاراویەو مانای زۆر لە وشەی کەم دا، کە لەمەم‌وزیندا هەیە...سەرسوڕێنو موجیزەیە....توژەرەوە لەمەڕ وێژەی زمان پاراوو ڕەوانان لێکدەرەوەی ڕەوتی شیعری هەستیارو هۆنەرو هەڵبەستەی گۆرانی، خۆوێژەکانو خۆشخوانان، ئەگەر کۆڕێکی بگرنو دانەدانەی شیعری خانی بەلێزانیو بە دانستە بخەنە ناو تای تەرازووی هەڵسەنگانی وشەی هاونرخی گەوهەران، دەگەڵ شیعری شاعیرانی فارسیو عارەبیو هیتریش....لە هەندەران، لەبەر یەکتری ڕابگرنو پێکیان بگرن، هەرە باشان هەڵبژێرن، خۆ لە حەق گوتن نەبوێرن... ناچاردەبن بیسەلمێننو ئیمان بێنن، کە سەیدا ئەحمەدی خانی کەلەپورگری خوایەتی شیعرو هۆنەری ئەلیاسی نیظامی بووەو لەویش بەرەوژوورتر چووە.) (هەژار: ١٩٨٩: یازدەو دوازدە). ئێمە لێرە دەوەستین لەئاست ئەو وەسفە وردی زمانی خانی، کە هەژار کردوویەتی، چونکە هەرچی بڵێین لەم بارەیەوە دەبێتە جووینەوە.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**٢-٢: دووبارە بوونەوەی واتایی**

دیاریکردنی یەکەی واتای لە زمانەوانییدا گەنگەشەی زۆری لەسەرە، هەندێك پێیان وایە لە فۆنیمەوە دەست پێدەکات بۆ دەق. بەڵام ئەوەی (کە ساغ کراوەتەوە واتاسازی لە لێکۆڵینەوە بچووکترین یەکەی واتایی کە مۆرفیمە دەست پێ دەکاتو هەر لەوێشەوە کاری واتاناسە. هەروەها ئەگەر واتا دانەدانە مۆرفیمەکانیش بزانیین واتای وشەو ڕستە ڕوون دەبێتەوە.) (کورش صفوی: ١٣٨٧: ٣٢)، بەم پێیە دانە واتاییەکانی زمان مۆرفیمو وشەو ڕستەن.

زۆرجار کە پێناسەی زمان دەکرێت دەوترێت، زمان بریتییە لە دەنگو واتا. کە هەریەك لەم دوو ڕەگەزەی زمان لایەنێکی دووبارەکردنەوە پێك دەهێنن. کە دووبارەبوونەوەی واتای لەڕێگەی دانە واتاییەکانەوە دروست دەبێت. (لەم ڕوانگەیەوە دەبێت تیشك بخرێتە سەر لایەنی وێکچوونی واتا. یان دووبارەبوونەوەی واتا بەشێوەیەك کرۆکی دەرخستنی ئەم دیاردەیە لەڕێگای شیکردنەوەی چەمکی هاوواتا دەبێت.) (هێمن عومەر خۆشناو: ٢٠١٠: ١٣٥). کە دەشێ ڕۆڵێکی هاوواتا لەمەدا کورتبکەینەوە، کە دەبێتە هۆی دووبارەکردنەوەی واتایی لە فۆڕمی جیاوازدا. ئەمەش دەبێتە هۆی (بەهێزکردنی هێزو پێزی زمانو ڕازاندنەوەی زمان، لە زمانی ئەدەبیشدا جوانکاریو شیعریەت زیاد دەکات.) (شیروان حسین حمد: ٢٠١٠: ٣٥، ٣٦) چەشنێکی دووبارەکردنەوەی واتا لەڕێگەی هەمان فۆڕمەوە دەبێت، کە لەم جۆرەدا هەم واتا دووبارە دەبێتەوە، بە هەمان فۆڕم یان قاوغی دەنگی. کە ئەمەش زیاتر جوانکاری وشەیی دروست دەکات نەك جوانکار واتایی. لای خانیش هەردوو جۆرەکە لە دانەی واتایی جیاوازدا دەبینرێت. هەروەها لای خانی هەندێ دووبارەی وشە دەبینین، کە تەنیا فۆڕم دووبارە دەبێتەوەو واتا جیاوازە، - کە هەرچەند کاری ئەم باسە نییە، بەڵام نموونەیەك دەهێنینەوە - وەکو:

**بێ نەقشێ تە نەقشی خامە خامە**

**بێ نامێ تە نامە ناتەمامـــە     (مەموزین: ٣)**

لەم دێڕەدا وشەی (خامە) دووبارەبووەتەوە، تەنیا لەڕووی فۆڕمەوە، واتای یەکەمی قەڵەمەو واتای دووەمی کاڵو پێنەگەیشتووە. ئەمە لە واتاسازییدا پێی دەوترێت، هاوبێژیو لە ڕەوانبێژیشدا ڕەگەزدۆزی تەواوی دروست کردووە. ئاوازو ڕیتمی شیعرەکەی بەهێز کردووە.

**٣-٢: دووبارەکردنەوەی واتایی لە مۆرفیمی بەندا:**

وەك زانیمان بچووکترین دانەی واتای زمان مۆرفیمە بەندەکانن. واتای ئەم دانە زمانییە دەکرێت لە فۆڕمی جیاوازدا دووبارەبێتەوە، وەکو:

**صەحرا هەمی بویە صـــەحنێ بوستان**

**ساحیل هەمی بویە گولشەنو گولستان   (مەموزین: ١٢٠)**

لێرەدا هەردوو مۆرفیمی بەندی (شەن)و (ستان) دووبارەی واتاییان دروستکردووە، چونکە هەردوکیان واتای شوێن دەگەیێنن. بەڵام لە فۆڕمی جیاوازدا ئەم واتاییەیان گەیاندووە. بەمەش ئەم دوو مۆرفیمە دەبنە هاوواتا.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)      p-ISSN (2410-1036)

دووبارەبوونەوەیەکی تری مۆرفیمی بەند هەیە، کە هەم واتاو هەم فۆرمی مۆرفیمەکە دووبارەدەبێتەوە، بەهەمان مەبەست. وەکو:

**ناچارە ژبۆ مە ئـــــاشڤانەك**

**لابوودە ژبۆ مە دەرگەڤانەك (مەموزین: ٩٧)**

مۆرفیمی بەندی (ڤان)، کە ناوی پیشە دروست دەکاتو بەشێوەی پاشگر دەرکەوتووە و دووبارە بووتەوەو هەمان واتای بۆ هەردوو وشەکە دروست کردووە. لەهەمان کاتدا مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی (ەك) دووبارەبووەتەوە.

لەم دێڕەشدا پاشگرێکی دیکەی شوێن بەهەمان فۆرمو واتا لەسەر وشەی جیاواز دووبارەبووەتەوە، وەکو:

**گاڤا کو گیهانە خـــەلـــوەخـــانێ**

**دەرگەھ ڤەکرن ل حەپس خانێ (مەموزین: ١٧٧)**

لێرەدا مۆرفیمی بەندی (خان)، کە ناوی شوێن دروست دەکات، لەسەر ناوی (خەڵوەت) و (حەپس) دووبارەبووتەوە.

لەم دێڕەشدا خوارەوەشدا، هەمان جۆری مۆرفیم دووبارەبووەتەوە، بەڵام بەشێوەی پاشگر، وەکو:

**بولبول نەدشی ببیتە هەڤدەنــگ**

**صۆرگول نەدبو ببیتە هەڤڕەنگ (مەموزین: ١٢٧)**

لەم دێڕە شیعرەدا، پێشگری (هەڤ) دووبارەبووتەوە بەهەمان واتا، کە دەچێتە سەر هەر وشەیەك واتای (هاوبەشی) دەگەیەنێت.

هەروەها لەم دێڕەدا هاتووە:

**چاوان خەملینە ئـــــەڤ کوڕانی**

**ئەو ژی گەری یانە جل کەچانی (مەموزین: ٦٦)**

لێرەدا پاشگری (انی) دووبارە بووەتەوە، کە بۆ دروستکردنی ئاوڵناوی نسبی بەکاردێت، لە زمانی کوردیدا.

ئەوانەی کە باسکران مۆرفیمی بەندی لێکسیکی بوون، دەشێ مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکانیش هەمان ڕۆڵ ببینن، بەنموونە:

**کێشا وی ب مەجلیسا خوە خوانەك**

**گـــۆیا کـــرە فـــەرش ئـاسمانەك (مەموزین: ٧٦)**

لێرەدا مۆرفیمی (ەك) دووبارەبووەتەوە، کە مۆرفیمێکی ڕێزمانییە، بۆ نەناسراوی بەکاردێت. لەم نموونەیەشدا هەمان مۆرفیم هەیە، وەکو:

**بـــەدرا ڕوین وی بویە هیلالەك**

**طەلعەت دنوما وەکی خەیالەك (مەموزین: ١٠٢)**

لەم نموونەیەشدا مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی کۆ دووبارەبووەتەوە، ئەرکە ڕێزمانییەکەی وەکو یەکە:

**جـــــان و جگەر و دل و هەناڤان**



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**دەستو سەرو پێو پشتو چاڤان    (مەموزین: ٥٥)**

لێرەدا مۆرفیمی (ان) بە هەمان فۆرمو هەمان ئەرك دووبارەبووەتەوە. كە بۆ كۆكردنەوە بەكاردێت.

هەروەها مۆرفیمی (بێ) لەم دێرە هۆنراوەیەدا، مۆرفیمێكی ڕێزمانییەو بۆ نەرێ بەكاردەهێنرێت، لە شێوەی پێشگر دەركەوتووە، دووبارەبووەتەوە، بە هەمان واتاو ئەرك، وەكو:

**بێ گوعمەو بێ شەراب و بێچاڤ**

**بێ مەقصەدو بێ موورادو بێ گاڤ    (مەموزین: ٥٣)**

مۆرفیمی نەرێ چەند ئەلۆمۆرفێكی تر هەیە، كە خانی ئەوانیشی بەكارهێناوە، بۆ هەمان مەبەستو واتا وەكو:

**شكلێ كو مەدی، نە بێ مەئالە**

**تەحقیقە، نەخەونە نەخەیالە    (مەموزین: ٦٢)**

لەم نموونەیەدا، مۆرفیمی نەرێ (نە) دووبارەبووەتەوە، بەهەمان ئەركو واتاو فۆرمەوە بەكارهاتووە.

مۆرفیمی (نا)ی نەرێش لە بەهەمان شێوەی ئەوانی دیكە بەكارهێنراوە، بەهەمان فۆرمو ئەرك، وەكو:

**كەس ناكەتە مەیتەرێ خوە (جامی)**

**ڕانـــاگـــرتـــــن كەسەك (نیظامی)    (مەموزین: ٢٥)**

بەم پێیە هەردوو جۆری مۆرفیمی بەندی فەرهەنگیو ڕێزمانی بەشێوەیەكی بەرچاو دووبارەبوونەتەوە، سەرباری دووبارەبوونەوەی واتای ئەو مۆرفیمانە، ڕۆڵیان هەیە لە دروستكردنی سەرواو ئیقاعی دەرەوەی شیعری.

**٢-٤: دووبارەبوونەوەی وشە**

وشە لە دووبارەبوونەوەدا گرینگی زیاتر لە دانە زمانییەكانی دیكە، چونكە (چوارچێوەیەكی فراوانتری هەیە بەهاكەی بەرزترو هەمەلایەنتر خۆی پیشان دەدات. چونكە لەنێو هەموو دووبارەبوونەوەیەكی وشەدا، دووبارەبوونەوەی دەنگ خۆی تێدا ئاخنییوە. بەو پێیەی خڕبوونەوەی دەنگ، وشە دروست دەكات، بۆیە هەرچەندەی ژمارەی دەنگەكان لە پێكهاتەی وشەدا زیاتر بێ، بەهاو ڕیتمی دووبارەبوونەوەی وشە زیاتر دەبێت.) (هێمن عومەر خۆشناو: ٢٠١٠: ١١١) سەرەڕای ئەوەش وشە خاوەن پێكهاتەیەكی واتایی سەربەخۆیە، لەگەڵ دووبارەبوونەوەی واتاكەشی دووبارەدەبێتەوە. — بەمەرجێك وشەكان هاوبێژو فرەواتا نەبن —

لە چوارچێوەی وشەدا دوو جۆرە دووبارەبوونەوەی واتایی هەست پێ دەكرێت، یەكێكیان لەڕێگەی دووبارەبوونەوەی واتا لە فۆرمی وشەی هاوواتادا، واتە تەنها واتا دووبارە دەبێتەوەو فۆرم جیاوازە، كە ئەمە دەبێتە هۆی دروستكردنی جوانكاری واتایی، بەڕێگەی سەرەكی دادەنرێت بۆ دووبارەبوونەوەی واتا، لای خانی سەدان نموونەی لەم جۆرەمان دەست دەكەوێت، كە زۆر لێزانانە بەكاری هێناون، وەكو:



كۆنفرانسی ( كاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)    p-ISSN (2410-1036)

**گەنجی تو د نێڤ گەلیسمی عالەم**

**کەنزی تو عەیان ژ ئیسمێ ئادەم (مەموزین: ٣)**

لێرەدا وشەی (گەنج)و (کەنز) بەکارهاتوون کە واتاکەیان وەکو یەکە بەڵام لە فۆڕمی جیاوازدا دەربڕاون. هەروەها لەم نموونەیەدا:

**ئەی دل تو ژ قەلبێ من ب دەرکەڤ**

**وەی جان تو ژ بۆ دلێ ب بەرکـــەڤ (مەموزین: ١٥٣)**

لەم دێڕەدا وشەی (قەلب)و (دل) بەکارهاتووە، کە هاوواتایی یەکترین، واتای پێ دووبارەکراوەتەوە. لەم نموونەیەشدا:

**ئاهویێ سپی یو، چـــاڤ د ڕەش بو**

**بسکێن د سیاهو بێهنێ خوەش بو (مەموزین: ١٣٥)**

لەم دێڕەدا هەردوو وشەی (ڕەش) و (سیاه) یەك واتایان هەیە، کە بووتە هۆی دروستکردنی ئەم دیاردەیە.

لەم نموونانەی سەرەوەدا ئەو وشانەمان هێناونەتەوە، کە لە زمانەوانیدا بەوشەی فەرهەنگی دەناسرێنەوە، بەڵام جۆرێکی دیکەی وشەمان هەن، کە پێیان دەوترێت وشەی ئەرکی، کە بەزۆری لە سینتاکسدا ئەرکێکی ڕێزمانی دەبینن. لای خانی ئەم جۆرە وشانەش لە فۆڕمی جیاوازدا دووبارە بوونەوتەوە بۆ هەمان ئەرکی ڕێزمانی. بەتایبەتی لە بەکارهێنانی ئامرازەکانی لێکچواندندا زۆر بەڕوونی هەستی پێ دەکرێت، وەکو:

**مانەندێ دهانێ یارێ دلتەنگ**

**نالین ژ ڕەها دلی وەکی چەنگ (مەموزین: ٥٣)**

لێرەدا هەردوو وشەی (مانەندێ) و (وەکی) یەك ئەرکی ڕێزمانییان هەیە، هاوواتای یەکترین، واتایان دووبارە دەبێتەوە.

**هەمسەر ب مەقامێ سیدرە سەروەك**

**مانەندێ فریشتە هەر تـــــەزەروەك**

**تەشبیهێ مەمێ دلێ صنەوبـــــــەر**

**صەد پارە ژ عیشقێ قەددێ عەرعەر (مەموزین: ١٢٤)**

لەم هۆنراوەیەشدا، هەردوو وشەی (مانەندێ)و (تەشبیهێ) کە هەردوکیان یەك واتایان هەیەو بۆیەك مەبەست بەکاردێن دووبارەبوونەتەوە، (مانەند) فارسییەو (تەشبیه) عەرەبییە. بەڵام لە شیعری کلاسیکی کوردیدا هەردوکیان بەکاردێن. هەندێ جار ئەمە تەنها لە دێڕێکیشدا بەکارهاتووە، وەکو:



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**مانەندێ مەمێ ئەوێ مە ڕەنجان**

**تەشبیهێ بەکر ببەخشە قەنجان     (مەموزین: ١٩٤)**

هەروەها لەم نموونەیەی خوارەوەدا، دوو وشەی بێگانە بەهەمان واتاو ئەرك دووبارەبوونەتەوە، وەکو:

**ئەو هەردونە باعیثێ فەسادی**

**ئەو بونە سەبەب ژ بو عینادی     (مەموزین: ١٦٣)**

هەردوو وشەی (باعیث) و (سەبەب) یەك واتایان هەیە، شاعیر زۆر بەهونەری بەکاریهێناون‌و واتای پێ دووبارەکردوونەتەوە.

لەم نموونەیەشدا دوو وشەی هاوواتا، واتا دووبارەدەکەنەوە. کە لەفۆڕمی جیاوازدا هاتوون:

**گاڤا پڕژی یا گیها کەمـــــالێ**

**وەقتێ ڕژی یا ژ سەر نیهالێ     (مەموزین: ٢٠٩)**

وشەکانی (گاڤا)و (وەقتێ) هەردوکیان هاوواتان، جوانکاریەکی زێدەیان لە واتادا دروست کردووە.

جۆرێکی دیکەی دووبارەبوونەوەی وشە هەیە، کە وشەکە بەهەمان فۆڕم‌و بەهەمان واتا دووبارە دەبێتەوە، کە ئەمە دەبێتە هۆی دووبارەبوونەوەی دەنگیش، جوانکاری وشەیی دروست دەکات‌و بۆ جەختکردنەوەی واتایش بەکاردێت، ئەمەش لای خانی بەشێوەکی بەرفراوان دەبینرێت بۆ مەبەستی جیاواز، وەکو:

**باغەك وەهەبوو ئەمیر زەینەدین**

**باغێ ئیرەمێ دچـــو ب مـــــزگین     (مەموزین: ١٢٤)**

لەم دێڕەدا وشەی (باغ) بەهەمان فۆڕم‌و واتا دووبارەبووەتەوە. کە ئیقاعێکی شعیری دروست کردووە.

هەروەها لەم دێڕەشدا:

**فانیتی ژ بۆ ویرا بەقایە**

**باقیتی ژ بۆ ویرا فەنایە     (مەموزین: ٢١٠)**

لێرەدا دووبارەبوونەوەیەکی زۆر داهێنانکارانە لە نێوان وشەکانی (فەنا)و (بەقا)دا دروست کراوە، سەرباری ئەوەی کە گرێی (ژ بۆ ویرا) لە هەمان شیوێنی خۆیدا دووبارە بووەتەوە.

هەمان چەشنی دووبارەبوونەوە لەم دێڕەشدا دەبینرێت:

**پاشێ کو تەکر د بـــاغێ عیشقێ**

**کون کر دلێ من ب داغێ عیشقێ     (مەموزین: ٢١٥)**



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)     p-ISSN (2410-1036)

لێرەشدا وشەی (عیشقێ) کە دووبارەبووتەوە، هەمان ئەرکی ڕێزمانی بینووە کە دیارخەرە، سەرباری ئەوەی کە سەرواشی دروست کردووە.

لەم دێڕەشدا وشەیەك بەهەمان چەشن دووبارەبووەتەوە، وەکو:

**قەلبێ وی د دەست تـــە دایـــە ئەلحەق**

**دەستێ وی د دەستێ خوە نینە موطلەق (مەموزین: ٢١٦)**

وشەی (دەست) کە دووبارە بووتەوە بەهەمان فۆڕمو واتا. کە بەمانای دەستەڵات و دەست هاتووە.

**٢-٥: دووبارەبوونەوەی گرێ.**

لەو باسەماندا ناچینە ناو وردەکاری گرێو سنوورەکەی. تەنیا مەبەستمان ئەو یەکە زمانییە، کە لەوشە گەورەترەو ناگاتە ڕستەی تەواو. ئەم فۆڕمە زمانیەش لای خانی زۆر دووبارەبووتەوە، بە فۆڕمی جیاوازو وەك یەك. بۆ نموونە:

**نامێ تەیە لەوحێ نامــەیــا عیشق**

**ئیسمێ تەیە نەقشێ خامەیا عیشق (مەموزین: ٣)**

هەردوو گرێی (نامێ تە) و (ئیسمێ تە) دووبارەبوونەوەی هەمان واتان لە فۆڕمی جیاوازدا، بوونەتە هاوواتای یەکتری کە لەهەردوکیاندا دیارخراو جیاوازنو دیارخەر یەك شتە. کە ئەمەش نیشانەی زمانزانیو شارەزاییە لای شاعیر.

لەم دێڕەشدا گرێکی فراوانکراو دووبارەکراوەتەوە:

**هنــدی کو ســەرێ تـــە من قەلەم کر**

**ئەو چەند تە خەطی خە طا رەقەم کر**

**هندی کــو سەرێ تـــە مـــــن تەراشی**

**ئەو چەنــد تـــە کر گونـــەه تەلاشی (مەموزین:٢١٤)**

لەم دوو دێڕەدا دوو فرێزی فراوانکراو دووبارە بوونەتەوە بە هەمان فۆڕم واتاوە کە ئاوازو ئیقاعێکی تایبەتی دروست کردووە. ئەوەیش گرێی (هندی کو سەرێ تە) و (ئەو چەند تە)ن.

**٢-٦: دووبارەبوونەوەی ڕستە.**

ڕستە لە لێکدانەوەی زمانەوانیدا گرینگی زۆری هەیە، چونکە خاوەنی پێکهاتەی ڕێزمانیو پێکهاتەی واتاییە، بۆیە چەندین تیۆرو بیروڕای جیاجیا هەن، بۆ لێکدانەوەی ڕستە، بەتایبەتیش واتای ڕستە. خانی زۆرجار ڕستەیەك بەهەمان واتا دووبارە دەکاتەوە، کە بەزۆری بۆ جەخت کردنەوەیە، سەرباری لایەنی مۆسیقی شیعر، بۆیە چەند نموونەیەك وەردەگرین، لەوانە:



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**وەڵڵاهی یەکێ نەمایە ڕاحەت**

**بیللاهی یەکێ نەمایە طاقەت (مەموزین: ٥٦)**

لەم دێڕە شیعرەدا ڕستەی (وەڵڵاهی یەکێ نەمایە) دووبارە بووەتەوە بەهەمان واتاو فۆڕمێکی نزیك لەیەکتری.

لە شوێنێکی مەمو زیندا، کە بە شێوەی دایەڵۆگ لەسەر زمانی شەمعو پەروانە دەربڕاوە، زیاتر لە شەش دێڕ دوو ڕستە بەدوای یەکدا دووبارە دەکاتەوە، وەکو:

**پەروانەیێ گۆ:تو خـــــوەش دەلیلی**

**شەمعێ وەهە گۆ: تو خوەش خەلیلی**

**پەروانەیێ گۆ: تو رەهنـــــومـــایی**

**شەمعێ وەهە گۆ: تو سنـــــە سوزی**

**پەروانەیێ گۆ: تو چـــــارەســازی**

**شەمعێ وەهە گۆ: تو دل نـــــەوازی**

**پەروانەیێ گۆ: تـــو پـادشاهـــــی**

**شەمعێ وەهە گۆ: تو قیبلە گـــــاهی (مەموزین:١٨٠)**

لەم پارچە هۆنراوەیەدا، هەردوو ڕستەی (پەروانەیێ گۆ)و (شەمعێ وەهە گۆ) لە هەموو دێڕەکاندا دووبارە بوونەتەوە بە هەمان واتاو فۆڕم، کە مۆسیقای تایبەتی بۆ دەقەکە دروست کردووە.



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## ئەنجام

لە کۆتایی ئەم کورتە لێکۆڵینەوەیەدا، بەچەند ئەنجامێك گەیشتووین کە دەکرێت لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورتیان بکەینەوە:

١- دووبارەبوونەوە دەکرێت وەك دیاردەیەکی زمانیی لەچوارچێوەی هاودەنگ‌و هاوواتایی‌و فرەواتایی لێك بدرێتەوە. کە هاوواتا دووبارەبوونەوەی واتاییەو هاودەنگ‌و هاوبێژی دووبارەبوونەوەی دەنگە. دەشێت دووبارەبوونەوەی ئاسایی ئەو جۆرەیان بێت کە وشەکە فۆڕم واتاکەی دووبارەبێتەوە.

٢- لەزمانەوانیدا، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ زۆرکەم باس لەم دیاردەیە دەکرێت‌و زیاتر وەك لایەنێکی زمانی ئەدەبی قسەی لەسەر دەکرێت. ئەمەش بۆ ئاسایی بوونی دەگەڕێتەوە لە زمانی قسەکردندا.

٣- کێش‌و سەروا کە دوو لایەنی سەرەکی شیعرن، لەسەر بنەمای دووبارەبوونەوە دروست دەبن. کێش دووبارە لە قاڵب‌و سەرواش دووبارەیە لە دەنگی کۆتایی. زۆرجاریش دەکرێت وەك لادانێکی زمانی هەڵوەستەی لەسەر بکرێت. چونکە یاسا زمانییەکان دەبەزێنێت.

٤- دووبارەکردنەوە ڕێگەیەکە لەبەردەم شاعیردا بۆ بەهێزکردنی واتا، یان بەهێز کردنی ئیقاعی شیعری. کە ڕەگەزێکی سەرەکییە لە دروستکردنی شیعریەتی دەق. چ بۆ ڕیتمی ناوەوە بێت یان ڕیتمی دەرەکی. دەکرێت وەك ڕێگایەکیش بۆ دیاریکردنی شێوازی شاعیر پشتی پێببەسترێ.

٥- لای خانی هەموو جۆرەکانی دووبارەبوونەوە دەبینرێت، لە بچوکترین یەکەی زمانی زمانییەوە کە دەنگە بۆ گەورەترینیان کە ڕستە. کە لایەنێکی سەرەکی لە زمانی شیعری خانی پێك دەهێنێ.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## سەرچاوەكان:

**أ- بەزمانی كوردی:**

١- ئازاد ئەحمەد مەحموود(٢٠٠٩)، بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی كوردیدا ١٩٨٥- ٢٠٠٥، بڵاوكراوەكانی ئەكادیمیای كوردی، هەولێر.

٢- ئەحمەدی خانی، مەم‌وزین، ئامادەكردن‌و پەراوێزنووسی هەژار، ١٩٨٩، چاپی یەكەم، پاریس.

٣- شیروان حسین حمد (٢٠١٠)، تێڕوانینێكی نوێ بۆ سینۆنیم لەزمانی كوردیدا، نامەی ماستەر، كۆلێژی زمان، زانكۆی سلێمانی.

٤- عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوڵلا (٢٠٠٨)، شیكردنەوەی دەقی شیعری لەڕووی زمانەوانییەوە، چاپی یەكەم، سپیرێز، دهۆك.

٥- عەزیز گەردی (١٩٩٩)، سەروا، چاپی یەكەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

٦- هێمن عومەر خۆشناو(٢٠١٠)، شیعرییەتی دەقی چیرۆكی كوردی، چاپخانەی ڕۆشنبیر، هەولێر.

**ب- بەزمانی بیانی:**

١- تقی وحیدیان كامیار(١٣٨٣)، بدیع ازدیدگاه زیباشناسی، انشارات سمت، تهران.

٢- محمد علی الخولی (٢٠٠٩)، معجم علم اللغة النضری، طبعة جدیدة، لبنان.

٣- كورش صفوی (١٣٨٠) گفتارهایی در زبانشناسی، چاپ اول، هرمس، تهران.

٤- كورش صفوی (١٣٨٣) فرهنگ توصیفی معنی شناسی، چاپ اول، فرهنگ معاصر، تهران.

٥- كورش صفوی (١٣٨٧) در امدی بر معناشناسی، چاپ سوم، انتیشارات سورەمهر، تهران.



كۆنفرانسی ( كاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)        p-ISSN (2410-1036)

**الملخص**

**إن هذا البحث بعنوان (تكرار المعنايى فى مم و زين خانى) يتناول تشخص ظاهرة تكرار المعنا فى نص الشعرى. هذه ظاهرة يقع بين الدراسات الادبية و الدراسات اللغوية. لإنه تكرار من أصل ظاهرة اللغوية، وإستعمال عند شعراء من اجل جماليات و زيادة الشعرية من النص الشعرى.**

**هذا البحث ينقسم الي فصلين: في الفصل الاول يبحث في الظاهرة التكرار مفهوم و تعريف و انواعها و اغراضها، كالظاهرة اللغوية.**

**في الفصل الثاني تم عرض تكرار فى مم و زين احمدى خانى الدراسات تحليلى من حيث المستوي النحوي، و الصرفي لإنه وحدات المستوى النحوى و الصرفى هى وحدات المعنايى، و في خاتمة البحث تم عرض أهم النتايج و القائمة المصادر.**

## Abstract

The title of the research is (Repeat meaning in the Khan's Mam u Zin) Its an attempt to discuss the repeat meaning phenomenon in the poetry text. The phenomenon is between linguistics research and literature. Because repeat in fact is a language phenomenon but poetries put in practice for statics and add to poetics in the text poetry.

The research consists of two chapters; The first chapter, discusses the phenomenon repeat concept, definition, type, purpose, as a linguistics phenomenon.

The second chapter focuses on the Repeat in the Khan's Mam u Zin as a research analyses in the level syntax, and morphology because the units in two level semantics unit.. By the end some results are explained.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)　　p-ISSN (2410-1036)